IB - SAIWANI

IB-Saiwani Beratender Ingenier

Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin

Statik | Planung | Bauleitung | Gutachten

## The Program Oil for Fod

دوای تەواوبوونی جەنگی کەنداوی دووەم و دەرکردنی عێراق لە کوەیت، نەتەوە یەکگرتووەکان حەصاری ئابوورییان بەسەر عێراق دا سەپاند. بەم پێیە بۆ عێراق نەبوو بەڕێژەیەکی زۆر نەوت بفرۆشێت و داهاتەکە سەرف بکات بۆ کڕینی چەک و بەکارهێنانی، دژی وولاتەکانی دراوسێی.
حەصاری ئابووری سەپێنرا بەسەر دانیشتوانی عێراق دا، کاریگەرییەکی خراپی هەبوو لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی وولاتەکە.
بازرگانی و پیشەسازی بەهۆیەوە داڕما بوون، ڕادەی بێکاری بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نێوان 60% بۆ 70% دا بوو. ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک زۆر خراپ بوو بە شێوەیەک کە داهاتی مانگانەی تاک، کە مانگانە لە ساڵانی 1990 دا لە 175 دۆلاردا بوو، دابەزیبوو بۆ 1.2 دۆلار لە ساڵی 1995 دا.
بەهۆی حەصارەوە نزیکەی دوو ملیۆن لە عێراقییەکان بەرەو هەندەران کۆچیان کرد، کە بەهۆیەوە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە بەتەمەن بوون و هێشتا کاریان ئەکرد، کەمی کرد. لە بەرامبەریشدا ڕێژەی گەنجان کە توانای خوێندنیان هەبوو بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد، چوونکە خوێندنگاکان لەو بارەدا نەبوون کە توانای زانستی بەرهەم بهێنن و پێشی بخەن.

نزیکەی 5000 خوێندنگا پێویستیان بە چاککردنەوە و تەرمیم کردن هەبوو، زۆریان لە حاڵەتی داڕمان دا بوون، زۆربەی قووتابخانەکان ئامێری وانە ووتنەوەیان تێدا نەبوو، مێزوو کورسی قووتابیان کۆن و لەق بوون، تاقیگاکان ئامێری پێویستیان تێدا نەبوو. ساڵانە 50 ملیۆن پەڕتووک بۆ قووتابی پێویست بوو، کە لەبەر نەبوونی چاپخانەو مەوادە یەدەگەکانی و نەبوونی کاغەز نە ئەتوانرا چاپ بکرێن. مامۆستاو پرۆفیسۆرەکان توانای پێشخستنی زانستیان نەبوو، لەبەر نەبوونی بودجەی پێویست بۆ کارەکەیان.
به پێی ڕاپۆرتی UNESCO لە ساڵی 1987 دا نزیکەی 80% ی دانیشتوانی عێراق خوێندەوار بوون. 10 ساڵ پێش ئەم بەرواره واتە لە ساڵی 1970 دا 52% ی دانیشتوان خوێندەوار بوون، بەهۆی حەصارەوە ڕێژەکە لە ساڵی 1995 دا بوو بە 58%. واتە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی عێراق توانای نووسین و خوێندنەوەیان هەبوو.

بەپێی Resolution ی ژمارە 688 ی ساڵی 1991 کۆمیسیۆنی نەتەوە یەکگرتوەکان پرۆگرامی خۆراک بەرامبەر نەوت یان بۆ عێراقییەکان دانا و بە پیی Resolution ی ژمارە 986 ی ساڵی 1995 خۆی سەرپەرشتی پرۆگرامەکەی ئەکرد بۆ سێ شارەکەی کوردوستان [هەولێر و سلێمانی و دهۆک].

**پرۆگرامی نەوت بە خۆراک**
ئەم پرۆگرامە لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە لەبەر هەندی هۆی مرۆیی بۆ وولاتی عێراق دانرا، هەرچەندە نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بپێکێت.
بەپێی پرۆگرامەکە عێراق ئەیتوانی تەنها 40%ی بەهای ئەو برە نەوتەی دەست بکەوێت کە ئەیفرۆشت، ئەویش بۆ کڕینی خۆراک و دەرمان بۆ دانیشتوانەکەی و لە لایەن نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خەرج ئەکرا. واتە بڕی 10.3 ملیارد لە دەستکەوتی نەوت ئەدرا بە خۆراک و دەرمان بۆ عێراقییەکان و بڕی 11.6 ملیارد دۆلاری تریش لە بەهای نەوت ئەخرایە سەر کۆنتۆی ئەو وولاتانەی کەنداو کە عێراق جەنگی دژ بەرپا کردبوون و زیانی پێگەیاندبوون.

هۆکاری هێنانی ئەم ڕێژە کەمەش لە خۆراک، خراپی ڕێگاوبانەکان و بیناکانی عێراق بوون لە لایەکەوە و تێکشکاندن و لەکارکەوتنی هێڵی ئاسنینی شەمەندەفەر بوو لە عێراق دا کە پێویستی بە چاککردنەوە هەبوو.
لە لایەکی تریشەوە ڕێوشوێنی کۆنترۆڵکردنی پرۆگرامەکە زۆر سەخت و دژوار و ڕێگر بوو لەبەردەم کارئاسانی زیاتر بۆ ئەم مەبەستە.
بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە چەندەها فەرمانبەری UN لە بەغداد هەبوون، کە لەگەڵ حکومەتی عێراق لە پەیوەندی بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکەدا بوون بۆ دابەشکردنی داهاتی نەوتی نێردراو بۆ دەرەوە و دابەشکردنی بەسەر بەشە جیاوازەکان داو کڕینی خۆراک و دەرمان پێی.
هەمان کات ڕێکخراوەکە سەرپەرشتی ناردنی خۆراک و دەرمانی بۆ سێ شارەکەی کوردوستان ئەکرد بە هەماهەنگی لەگەڵ دوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردوستان دا [ینک و پدک]، چوونکە بۆ هەرێمی کوردوستان ڕاستەوخۆ نەتەوەیەکگرتووەکان لێپرسراو بوون نەک حکومەتی عێراق.

کوردەکان لە باکووری عێراق لە 19%ی دانیشتوانیان پێک ئەهێنا و نزیکەی 20%ی داهاتی نەوتیان بەرئەکەوت.
ئەو بەشە خۆراکەی کە تەرخان ئەکرا بۆ سێ شارەکەی کوردوستان لەژێر کۆنترۆڵەی UN دا ئەگەیشتە شوێنی خۆی بەبێ بلۆک کردنی لەلایەن حکومەتی ئەوسای عێراقەوە. بە پێچەوانەوە بەشە خۆراکی عێراق و ناوچەکانی تری بلۆک کردنیان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەسەر بوو.

Saiwani

IB-Saiwani Beratender Ingenier
Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin

فەرمانبەرانی UN لە کوردوستان بۆندیان لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆییەکان دا بۆ کڕینی خۆراک و شتومەک بەستبوو، چوونکە نرخی کاڵا و شت و مەک لە کوردوستان جێگیر بوو بە پێچەوانەی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکومەتی عێراقەوە، کە تیایاندا نرخ بەرزونزمی ئەکرد و نەتەوە یەکگرتووەکان ناچار ئەکرا کە لە دەرەوە شتومەک بکڕێت و هەناردەی عێراقی بکات، کە بەهۆیەوە زۆرجار دابەشکردنی خۆراک و دەرمان بەسەر هاووڵاتیان دا دوائەکەوت.

هێنانی کاڵاو شتومەک لە تورکیا و ئێرانەولە کاتی حەصاری سەپێنراودا بەسەر عێراق دا، ئابووری کوردوستانی گەشاندبووەوە، چوونکە حەصار لەسەر کوردوستان نەبوو لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرواری 22. 05. 2003 دا حەصاری سەپێنراویان بەیەکجاری لەسەر عێراق هەڵگرت، هەرچەندە لە ساڵانی پێشووتردا سوکیان کردبوو چەند جارێکیش دوای تەواو بوونی ماوەکەی تازەیان کردبووەوە.
دوای داگیر کردنی عێراق، ئەمەریکا و بەریتانیا بوون بە سەرپەرشتیکاری نەوتی عێراق، هەتا هەڵبژاردنی یەکەم حکومەتی فیدرال لە 15. 12. 2005 دا.

Saiwani